## لەنێوان دوورخستنەوەو خۆ دوورخس

# بۆچی ئافرەتانی ئەندازیار لە پ



**لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە فەرمانبەری ئافرەت دەبینرێت لە هەندێ بوار و پسپۆریدا ژمارەیان لە پیاوان زیاترە و بەشدارییەکی ئەکتیف لە بەڕێوەبردن و ڕاییکردنی کارەکان دەبینن، بەپێی ئامارەکان ژمارەی فەرمانبەرە ژنەکان هاوتای پیاوانی فەرمانبەرن، لەفەرمانگەکاندا چۆن فەرمانبەر و مامۆستا و دکتۆری ئافرەت بەرچاو دەکەوێت بەهەمان شێوە ئەندازیاری ئافرەتیش تێبینی دەکرێت، بەڵام سروشتی کاری ئەندازیاری تا ڕاددەیەکی زۆر جیاوازە لە پیشەکانی دیکە، بەو پێیەی بەشی سەرەکی کارکردنە لە کێڵگەو پرۆژەکانی دەرەوەی شار، بەواتایەکی دیکە ناکرێ ئەوەی ناوی ئەندازیار بێ (پیاو یان ژن) لە کاری پراکتیکی سەر پرۆژەکان بەدوور بێ، چونکە بە پێچەوانەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێ لەگەڵ فەرمانبەرێکی دیکە، کەچی ئەوەی تێبینی دەکرێ سەرەڕای پێدانی دەرماڵە بەو ئەندازیارانەی لەدەرەوەی فەرمانگەکانیان کاردەکەن کەچی ئەندازیارە ژنەکان زۆر بەکەمی لە پرۆژەکان دەردەکەون، ئەو ڕیپۆرتاژە هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەو وەڵامەی ئایا ئەندازیارە ژنەکان لە پرۆژەکان دوور دەخرێنەوە یان خۆیان خۆیان دووردەخەنەوە، ئایا هۆکارەکە پەیوەستە بە خودی ئەندازیارە ژنەکان یان بەڕێوەبەر و هاوکارە پیاوەکانیان، یان سانسۆری خێزان و عادات و تەقالید؟**

> دەرەنگ دەرچوون و دەرەنگ گەڕانەوە ئاستەنگی گەورەی بەشداربنەکردنمانە لە پرۆژەکان

> لەهەندێک فەرمانگەدا بەڕێوەبەر و ئەندازیارە پیاوەکان ژنان لە پرۆژەکان پەراوێزدەخەن تا لە دەرماڵەی دەرچوون بێبەش بن

_ ئەندازیار (سازان فازڵ) لە شارەوانی چوار دەڵێت: ئاساییە گەر ئێمەش بەشداری پرۆژەکان بکەین بەمەرجێك زۆر لەناو شار دوور نەبێت، من وەکو خۆم هیچ ڕێگرییەکم نییە لە ماڵەوە، بەڵام لەوانەیە زۆر خێزان ڕێگە نەدەن کچەکانیان درەنگ بگەڕێنەوە، یان هەندێ فەرمانگە جیاکاری لە نێوان ئەندازیارە پیاو و ژنەکان بکەن، بەڕای من گرفت لە هەردوو ئاستی ئیداری کۆمەڵایەتیدا هەیە.

_ بە بڕوای (شنۆ تەحسین)ی ئەندازیاریش لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی ئەو مەسەلەیە لەسەر ئافرەتەکە خۆی ڕادەوەستێت، ئەو وتی: گەر ئافرەتەکە سوور بێ لەسەر مافی خۆی و پێداگیری بکا بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکانی دەرەوەو وەرگرتنی هەمان ماف و ئیمتیازاتەکانی هاوتای پیاوەکان، دەتوانێ شتێك بە شتێك بکات،(شنۆ)هێمای بۆ ئەوەش کرد کە لە هەندێ فەرمانگەدا (وەك هاوکارە کچەکانی بۆیان باس کردووە) بە ئەنقەست ئەندازیاری ئافرەت لە کارەکان پەراوێز دەخرێن تا لە دەرماڵەی دەرچوون و سەر پرۆژەکان بێبەشیان بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوەبەر و ئەندازیارە پیاوەکان ڕێگە و شوێنی جۆراوجۆر دەگرنەبەر، بۆ نموونە درەنگ دەردەچن و درەنگیش دەگەڕێنەوە بەم

# ـــرۆژەکاندا نابیندرێن

جۆرەش چانسی ئافرەتەکان کەمتر دەبێ و ئەم کردارە ڕێگری دروست دەکات.

_ (پێشڕەو عومەر)ی ئەندازیار لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەر پێیوایە زوو دەرچوون و درەنگ گەڕانەوە لە پڕۆژەکان و پێکهاتەی فسیۆلۆژی ئافرەتان وایکردووە ئەوان هاوشێوەی پیاوان بەشداری پڕۆژەکان نەکەن، هەروەها وتی: زۆر جار ئێمە کاتژمێر یانزەی شەو دەگەڕێینەوە، بەڵام ئافرەت ناتوانێت ئەوەندە بمینێتەوە، ئەوان حەز دەکەن زوو دەربچن و زوو بێنەوە، بەڵام ئێمە ئەو کێشەیەمان نییە، لەلایەکی دیکەوە ئافرەت ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ وەستاو کرێکار و مەکائین بکات، ئەوە زۆر زەحمەتە بۆ ئافرەت، بەڵام پیاو پێی دەکرێت شەڕ لەگەڵ هەموویان بکات، بەبۆچوونی من ئافرەت لەبەر سێ هۆکاری سەرەکی بەشداری پڕۆژەکان ناکات، یەکەم ئەندازیارە ژنەکان ناتوانن تا درەنگ بمێننەوە، دووەم شوێنی بڵند و دوور کە ڕێگەکان سەختن ئافرەت ناتوانێت بیانبڕێت،دواتریش ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ستافی پڕۆژەکە بکات. (پێشڕەو) لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: کاری دیکە هەیە کە ئافرەت دەتوانێ بیکات وەك چاودێری و موشتەریات و کۆمپیوتەر و نەخشەشازی.

_ بە وتەی ئەندازیار(رازان هادی) بەڕێوەبەری نەخشەدانان لە شارەوانی چوار، لای ئەوان هیچ جاوازییەك لە نێوان ئەندازیارانی پیاو و ئافرەتدا ناکرێت و دەڵێت: ئێمە جیاوازی ناکەین بۆ بەشداریکردن لە پڕۆژەکان، تەنیا جیاوازییەکە لێهاتووییە و کامیان شارەزاییان زیاتر بێت ئەویان چانسی بەشداریکردنی زیاتر دەبێ، بۆ نموونە لە پڕۆژەکانی ئەم دواییە زۆربەی سەرۆك لیژنەکان ئافرەت بوون، نەوەکو لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەندازیارە ئافرەتەکان زیاترە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان، بەڵکو لەبەر ئەوەی توانستیان زیاترە و چالاکترن لە کارەکانیان، هەروەها وتیشی: ئێمە کاتێك لیژنە دادەنێین سەرۆك لیژنەکە ئافرەتە و یەکێك لە ئەندامەکانیان پیاوە، لە رووی دەرچوونیشەوە ئافرەتەکان زووتر دەگەنە سەر پڕۆژەکان و زۆر جددی ترن لە پیاوەکان. لە کۆتایی قسەکانی ئاماژەی بەوەشدا کە چەند پڕۆژە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەیان هەبێت، پێی باشە بیدات بە ئافرەتان، چونکە سەرکەوتووترن بە بەراورد بە پیاوەکان.

_ نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان(عەبدولرەحمان عەلی ) دەربارەی ئەو بابەتە ئاماژەی بەوەدا کە بەپێی یاسای سەندیکا ئەندازیارانی ژن و پیاو هاوتان لە ماف و ئەرکدا، نابێ فەرمانگەکان لەرووی دەرفەتی کارکردن و دەرماڵەو ئیمتیازاتەوە جیاوازیان لە نێوان بکەن.(عەبدولرەحمان)باسی لەوەش کرد تا ئێستا دەربارەی ئەو بابەتە هیچ داواو سکاڵایەکیان پێنەگەیشتووە، هەروەها وتی: دەرگای سەندیکا کراوەیە و بێگومان پشتگیری لە ئەندازیارە ئافرەتەکان دەکەین و هەر حاڵەتێکی لەو جۆرەش تێبینی بکەین، هەڵوێستمان دەبێ و بێدەنگ نابین.

چەند سەرنجێك

_لەمیانی ئەو ریپۆرتاژەدا هەوڵماندا زۆرترین ژمارەی ئەندازیاری ئافرەت بێنینە قسەکردن، بەڵام هەریەکەو بەبیانوویەك خۆی لە بابەتەکەمان دەدزییەوە.

_ چەند ئەندازیارێکی ئافرەت لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەر کە نەیانویست ناویان بڵاوبکرێتەوە وتیان: ئێمە حەز دەکەین بەشداری لە پڕۆژەکان بکەین، چونکە لە رووی ماددی و مەعنەوی سوودمەند دەبین، بەڵام بەڕێوەبەر ئەو دەرفەتەمان بۆ نارەخسێنێ، هەروەها هەندێك لە ئەندازیارە پیاوەکانیش لەبەر بەرژەوەندی ماددی خۆیان و لە پێناو وەرگرتنی دەرماڵە، ئاستەنگمان بۆ دروست دەکەن وەك درەنگ دەرچوون بۆ سەر پڕۆژەکان و درەنگ گەڕانەوە تا ئێمەی ئافرەت نەتوانین بەشداری بکەین.

_لەسەرجەم ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی سەردانمان کردن، داوای بینینی چەند وێنەیەکمان کرد گوزارشت لە بەشداری ژنان لە پڕۆژەکانیان بکات، بەڵام لای هیچیان گرتەی لەو جۆرە دەست نەدەکەوت، لە کاتێکدا ئەرشیفی وێنەی فەرمانگەکان پڕبوو لە وێنەی ئەندازیارە پیاوەکان!!


شنۆ تەحسین


عەبدولرەحمان عەلی


رازان هادی


سازان فازل

**نەقیبی سەندیکای ئەندازیاران: هەر کردارێکی لەو جۆرە ببینین هەڵوێستمان دەبێ و لێی بێدەنگ نابین**

**بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: هاوژین عومەر**
**بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :**
Mobile: 07504493956 Email: komelayeti@gulan-media.com




# حوكمی هەتا هەتـــــــــا

## لە نێوان تەماحی دەوڵەمەندبوون و تێوەگلان لەناو تاواندا

ساتێکی ترسناك و خەفەتبار بوو، لەوپەڕی خەیاڵی خۆشی دەوڵەمەندبوون و لەزەتی بەدەستهێنانی پارەی زۆر و زەوەند بووم، کە دەستگیرکرام و ڕۆژە تاریکەکانی ژیانی بەندیم دەستپێکرد، (کەریم) بەو شێوەیە گوزارشتی لە کات و ساتی دەستگیرکردنی بۆ کردین کە چۆن دوای تێوەگلانی لە تاوانی مامەڵەکردن بە ماددە هۆشبەرەکان بەسەر تاوانەوە دەگیرێت و پاشان ڕەوانەی دادگای لێکۆڵینەوە دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەسەر تاوانی مامەڵەکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە.

با بزانین سەرەتا چۆن دەکەوێتە ناو زەلکاوی تاوانی وەها قێزەونەوە و دواتر چارەنووسی بەچی دەگات..؟

لەمەڕ چۆنییەتی خزانە نێو ئەم زەلکاوی تاوان و تاوانکارییەوە(کەریم) بەخۆی ژیانی خۆیمان بۆ باس دەکات و دەڵێ: ماوەیەکی زۆر بوو بێ ئیش و بێ کار بووم، کارێکیشم هەبوایە کرێکاری بوو، ئەویش چەند ڕۆژێك بوو، ئیتر دووبارە دەبوو وەختم لە چایخانە ببەمە سەر، هەتا ڕۆژێك برادەرێکم، کە سەرێك و سەد سەودای هەبوو، ناوی (هەندرێن) بوو، زانی کە زۆر موحتاجی پارەم و بێکاریشم، هاتە بن کلێشەم و وتی: (کەریم) دەڵێی بێکار و بێپارەی..؟ وتم: (هەندرێن) بریا کێشەکە هەر خۆم بام، من بەرگەی ساڵێك برسێتی و ڕووت و ڕەجاڵی دەگرم، بەڵام ماڵ و منداڵ ئەو شتە نازانن، کرێی خانوو لەلایەك، هەر ڕۆژ دەکەیەوە سەری مانگ دادێ، خەرجی ماڵ و بەخێوکردنی دوو منداڵ، ئەگەر نەتبێت گاڵتە نییە، بەخودا یا دەبێ دزی بکەم، یان سەری خۆم هەڵگرم و ماڵ و منداڵیش کەیفی خۆیانە، خودای دەکرد سواڵیان دەکرد، ڕۆژێك کار هەیە، دە ڕۆژان نیمانە، ئەوە حاڵمە، کە وام وت، (هەندرێن) وتی: کوڕە هەی لە برای خۆت نەکەوی، وەرە ئیشێکی باشت بۆ دەدۆزمەوە و پارەیەکی باشیشت پێدەبڕێ، لە خۆشیان نەمزانی چی پێبڵێم، بواری ئەوەم نەبوو بڵێم ئەوە چ ئیشێکە وا بەخێر و بێرە، وتم: دە کوا، بەخودا بەس زەلام کوشتن و دزین نەبێ هەر ئێستا، دەیکەم ئەویش سەد دۆلاری دەرهێنا و لە گیرفانی نام و وتی: ئەوە هەڵگرە بۆخۆت، خەرجی ئەو یەك دوو ڕۆژەی پێدەربێنە، دوو ڕۆژی دیکە دەست بە کارەکە دەکەین، ئەملا و ئەولاوی ڕوومەتیم ماچ کرد و وتم: ئەوە من ساز و ئامادەم، هەر کاتێك وتت ئامادەیە وەرە، من ئامادەم، بەجێیهێشتم بەو هیوایەی دوو ڕۆژی تر یەکتر ببینینەوە بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو بڵێم دەبی ئەو کارە چی بێ، چۆنە لە کوێیە، هەر بیرم لەسەر ئەوە بوو کەی دوو ڕۆژی تر دێت و دەست بە ئیش بکەم، کە چوومەوە لەگەڵ دەستی خۆم دوو نەفەر کەبابم بردەوە و هەندێك پێداویستی و شتی وام کڕی کە زۆر پێویست بوون، خێزانم پرسی: (کەریم) پارەت لە کوێ بوو ئەو شتانەت کڕیووە؟ وتم: برادەرێکم هەیە، کە زانی وەزعم وەها خراپە، زۆری سکی پێم سووتا و کارێکی بۆ دۆزیومەتەوە دوو ڕۆژی تر دەچمە سەر ئیش.

دوو ڕۆژی پێچوو(هەندرێن) بەخۆو بە ئۆتۆمبێلێکی مۆدیل نوێ پەیدا بوو، دوای چاك و چۆنی و قسەکردن بەدەم ڕێگەوە، چووینە شوێنێك کە وەك گەراجێك وابوو، ئۆتۆمبێلێکی لێ ڕاگیرابوو، هاتینە خوارەوە، کابرایەك لە ناو نووسینگەی گەراجەکە بوو، بە کابرایەکی ناساندم کە ناوی (ئومێد) بوو، وتی: ئەوە کاك(کەریم)ـە کە بۆتم باس کرد پیاوێکی زۆر ئەمین و دەستپاکە.

هەرسێکمان دانیشتین و (هەندرێن) وتی: (کەریم) من و ئەو کاك (ئومێد)ـە کاری بازرگانی دەکەین و هاوبەشین.

بەڵام ئەو کابرایەکی دەوڵەمەندە و منیش بە یارمەتی ئەو هاتوومە سەر ئەو بارە، بەخۆت دەزانی منیش پێشتر کە دەمناسی، وەزعم وەها باش نەبوو، بەڵام بە ئیش کردن لەگەڵ ئەو کاك (ئومێد)ـە، لە خوای بەزیاد بێ کاسپییەکەمان لە برەودایە، ئەوجا برادەرێکی هەیە لە فڵانە شار و کابرایەکی بازرگانی عەرەبە، دەیەوێ بەو ئۆتۆمبێلەی خۆی هەندێ نموونەی کەلوپەل و دیاریشی هەیە بۆی ببەی، شەوێك لە ماڵیان دەمێنیتەوە و ئۆتۆمبێلەکەش، لەبەر دزین و تاڵانکردن و شەو دەبەیە ناو گەراجی ماڵەکەیان و بۆ بەیانی وەڵامی کابرامان بۆ دێنییەوە، ئایا بە نموونەکان ڕازین بۆی بنێرین یان نا، هەندێ پارەی پێشتریشی لایە کەهی ئێمەیە دەتداتێ و بۆمانی بێنەوە، منیش وەهام کرد و هەرچیان وت جێبەجێم کرد و دوای دوو ڕۆژان گەڕامەوە لایان، لە بەرامبەر ئەو ئیشەی کە ئەنجامم دا چوار سەد دۆلاریان دامێ، کە ئەو بڕە پارەیان دامێ لەخۆشیان خەریك بوو باڵ بگرم.

## دەرکەوتنی نهێنی کارەکە

(کەریم) درێژەی دەداتێ و دەڵێ: ئەو بڕە پارەیە لەم ساتەوەختە، وەکو دەرمانی سەد دەردان بوو بۆمن، زۆر کێشەم پێ چارەسەر کرد، جارێ پێش هەموو شتێ کارتۆنێك شیری قووتووم بۆ منداڵم بردەوە، گەورەکەیان لە خەم ڕسکا بوو، وەلێ بچووکەکەیان ساوایەکی شیرە خۆرە بوو، لەبەدبەختی من، خێزانەکەم لەبەر برسێتی لەشی زۆر لەڕو و لاواز ببوو، بەو وەزعەشەوە، دووچاری نەخۆشییەکی زۆر دژوار بوو، بە حاڵ لێی دەرباز بوو، کە چاکبۆوە، مەمکەکانی لە شیر دەردان کەوتن و چیتر شیری نەما، دەبوو شیری قووتو بدەمە منداڵەکەم، لەبەر نەبوونیش ناچاربووم، هەرزانترین جۆری بۆ بکڕم، دواتر کارتۆنێك لە باشترین جۆری شیرم بۆی کڕی.

پاشان چووم کرێی خانووشم دا، بەمە باری سەرشانم تۆزێك سووك بوو، هەندێ پارەم لێرە و لەوێش قەرز کرد بوو، ئەوانیشم دایەوە.

هەتا هەفتەیەك(هەندرێن) چ وەڵامی نەبوو، نیگەرانی دایگرتم و لە دڵی خۆمدا دەموت: تۆ بڵێی (هەندرێن) چیتر ئیشم پێنەکات، ویستم بچمە ئەو شوێنەی کە نووسینگەکەی لێبوو، بەڵام لە پڕ بیرم کەوتەوە کە(هەندرێن) پێی وتم: (کەریم) ئێستا بڕوە ماڵێ، هەتا بەخۆم ئاگادارت نەکەمەوە نەیەیتە ئێرە و سۆراغیشم مەکە، کە ئیشمان هەبوو پێوەندیت پێوە دەکەم، دوای هەشت ڕۆژان(هەندرێن) تەلەفۆنی بۆ کردم ئاگاداری کردمەوە کە بچمە فڵانە شوێن، وەکو جاران هەمان کاری پێکردمەوە، پاش ئەنجامدانی کارەکە، بە دوو ڕۆژ گەڕامەوە و هەمدیسان چوار سەد دۆلارم تری پێدام، ئەم کارە دە دوانزە ڕۆژ جارێك دووبارە دەبۆوە، بەڵام جۆری کارەکان وردە وردە گۆڕانکاری

هەر جارەی کە کارەکەم دەکرد و بڕە پارەیەکی باشم وەردەگرت، دەموت ئەمجارە نا ئەمجارە واز دێنم و بەجێیان دێڵم، بەڵام تەماح بەری چاوی دەگرتمەوە و هێندەی دیکە خەون و خەیاڵم لەسەری دروست دەکرد

# ـــــایی بۆ بڕایەوە

بەسەر دەهات، دواتر زانیم ئەو کارە نهێنییەکی تێدایە، دوای دوو سێ مانگان ئەوجا بۆم دەرکەوت نهێنی کارەکە کەرەستەی قاچاغە، بەڵام نەمدەزانی چین، شەوێك کە ئەو ئۆتۆمبێلەی کە دەبوو کەرەستە قاچاغەکەی تێدابوو بۆ شوێنی مەبەست بیگوێزمەوە. لە ڕێگەدا ڕامگرت و ئۆتۆمبێلەکەم پشکنی و کەرستەکانم دەرهێنا و تا بە تەواوەتی نەمکردەوە و ماددەکەم نەدیت وازم نەهێنا، کە ئەو ماددە پلاستیکانەم هەڵپچڕی کە ماددەکەی تێدابوو، و چاوم بەماددەکە کەوت، ئەوجا گومانی ئەوەم پەیدا کرد کە ئەوانە ماددەی هۆشبەرن، بەڵام دڵنیاش نەبووم، بەهەرحاڵ لە شوێنی خۆیم دانایەوە و وەکو خۆشیم پێچایەوە و بەبێ دەنگی گەیاندمە لای کابرای مەبەست، وەکو جاران کە شەو بە نهێنی لە ماڵی خۆیان شتەکانی دەرهێنا، بەیانی کیسەیەکی پێچراوی دامێ، لە ڕێگەدا لە کاتی گەڕانەوە ئەویشم کردەوە، دەبینم دوو دەستە دۆلارە، دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە، چی بکەم و چی نەکەم، چەند جارێك دەگەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەمجارە کەرستەکە ڕادەستی پۆلیس بکەم و مەسەلەکە ئاشکرا بکەم، بەڵام پەشیمان دەبوومەوە، جارێك دەموت: باشە من چ کارم بەکاری ئەوانەوە هەیە، کرێی خۆم وەردەگرم و تەواو، هەندێکجاریش دەموت: بەخوا بە(هەندرێن) دەڵێم یان دەبمە شەریکەبەشتان یانیش ئەو کارە ناکەم، کە دەڵێم ئەو کارە ناکەم ئەوان ئیدی لەخۆیان دەترسن نەوەك هەواڵیان لێدەم پارەکەم زیاتر دەدەنێ، بەمجۆرە بڕیارمدا منیش لەم کارە سوودمەند بم،(هەندرێن) و کابرای شەریکی سەرەتا کە بە هەڵوێستی منیان زانی تووڕە بوون و پاشان پەشۆکان، بەڵام دواتر ناچار بوون ملکەچی تەماح و هەڵوێستی من بن، ئەوانیش دانیان بەوە نا کە کارەکە مادام وایلێهات مەترسی زیاتری هەیە و دەبێ وریاتر و چاوکراوەتربین و برەویش بە ئیشەکە بدەین.

## تووشبوون بە تەڵەوە

(کەریم) بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی کەلەگەڵ ئەو دوو کەسە گومانلێکراوە و دەڵێ: لە ڕاستیدا (هەندرێن) زۆر لێم دەهری ببوو، چونکە نهێنیەکەیم ئاشکرا کرد و پێشم وت: دەبێ منیش شەریکە بەشتان بم، بەڵام چاریشی ناچار بوو، هەر دەبووایە مل بۆ ئەو گۆڕانکارییە تازەیە دابنێ، ئینجا دەستمان بە ئیش کردەوە و لە ماوەی دوو مانگێکدا پارەی خانوویەکم پێبڕا هەر جارەی کە کارەکەم دەکرد و بڕە پارەیەکی باشم وەردەگرت دەموت ئەمجارە نا ئەمجارە واز دێنم و بەجێیان دێڵم، بەڵام تەماح بەری چاوی دەگرتمەوە و هێندەی دیکە خەون و خەیاڵم لەسەری دروستدەکرد، یەك دووجاریش کەوتینە ناو بۆسە، بەڵام لێی دەرباز بووین، کارەکە مەترسی زیاتری تێکەوتبوو، لە هەمان کاتدا قازانج و دەستکەوتیشی زیاتر ببوو. هەتا شەوێك کە لە شوێنی خۆمان خەریکی بارکردنی ماددە هۆشبەرەکان بووین و دواتر تۆزێك سەرخەوێکمان شکاند، بەو مەبەستەی پێش ڕۆژهەڵاتن بەڕێکەوین، لە ناو خەودا هەر هێندەمان زانی پەلبەستکراین و سواری ئۆتۆمبیل کراین.

دواتر زانیمان دەست بەسەر هەموو ماددە هۆشبەرەکەدا گیراوە و من و(هەندرێن) و کابرای هاوبەشی و چەند کەسێکی تریش دەستگیرکراون و هەموو شتێکیشیان وتووە، چەندی هەوڵمدا نکۆڵی بکەم، سوودی نەبوو بەڵگەکان وەك ڕۆژی ڕووناك وابوون، هی نکۆڵی کردن نەبوون، پاشان دەرکەوت کە من لەگەڵ باندێکی تاوانکار تێکەڵ بوومە کە خەریکی مامەڵەکردن و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەربوونە، دوای ئەوەی ڕەوانەی دادگاکراین و لێکۆڵینەوەی یاسای چڕو پڕکرا، ئەوە چەند ساڵێکە لە ناو زیندانندام، زۆرم گاڵتە بە ساویلکەیی ئەوسام دێت و چۆن سەرەتا بەبێ ئەوەی بزانم ئەو کارە چییە دەیکەم، دەستم دایە کارێك و پاشان کە زانیشم هەر بەردەوام بووم لەسەری کە سووڕ دەشمزانی ئەو پارەیەی وەریدەگرم حەرامە، بەڵام دەڵێی چی هەندێك جار تەماح بەری چاوی مرۆڤ کوێر دەکات، هەڵە و گوناهی سەرەکیش بەخۆم بووم، بەڵام زۆر لە مێژە وتووشیانە(برسێتی ڕەگێکی لە هاری دایە، مرۆڤ کە بە بێکار و برسی و ڕووت و ڕەجاڵ بوو پەنا دەباتە بەر هەموو شتێك.

زۆرم گاڵتە بە ساویلکەیی ئەوسام دێت و چۆن سەرەتا بەبێ ئەوەی بزانم ئەو کارە چییە دەیکەم، دەستم دایە کارێك و پاشان کە زانیشم هەر بەردەوام بووم لەسەری کە سووڕ دەشمزانی ئەو پارەیەی وەریدەگرم حەرامە



# ئازارەكانی ژنێك كە چەن

> هەرگیز چاوەڕێی ئەوەی نەدەكرد باوكی لە خوێندن دەریبهێنێ و بۆ خۆی بە ژنی بدات

> كاتێك ئەو خۆی لە منداڵەكانی تووڕە دەكرد یان لێیانی دەدا، كزە لە جەرگی(بەیان)ەوە هەڵدەستا و زۆر بە كوڵ دەگریا

## بە شوودانی كچێك بە هەرزەكاریی

(بەیـــان) جارێ هەر لـــە تەمەنی (١٤) ســـاڵیدا بوو، زۆری دڵی بـــە خوێندن خۆش بـــوو، جگـــە لەوەی كـــە زیـــرەك و زرنگ بوو، لە هـــەوڵ و كۆششـــی بێوچاندا بوو، بەردەوامیـــش مامۆســـتاكانی هانیان دەدا و ئافەرینیان لێدەكرد، چونكـــە دەیانزانی هەم زیـــرەك و بەهرەمەندە، هەمیش بە ڕێكوپێكی و بەدڵگەرمی دەخوێنێ، لە زۆربەی وانەكان نمرەكانی زۆر باشـــە و نایـــاب بوو،(بەیان) زۆر جـــار خەونی بـــەوەوە دەبینی كە بچێتە كۆلێـــژی ئەندازیاری و لـــە دوارۆژدا ببێتە ئەندازیاری تەلارســـازی، بیروهۆشی تەنیا لای خوێندنەكـــەی بـــوو، هەرچەندە دایكی ئیشـــی ماڵەوەشـــی پێدەكرد، بەڵام زۆریش ماندووی نەدەكرد، چونكە تەنیا ئەو كچەی هەبـــوو، لە دوای ئەوەی كە (بەیان) ی بوو، تووشی نەخۆشییەكی سەخت و ترسناك بوو، پزیشـــكەكان پێیان وتبوو كە دەبێ بە زووترین كات منداڵدانـــت دەربهێنیـــن، چونكە رزیوە، ئیتر نەشتەرگەریان بۆ كرد و بە یەكجارەكی لە منداڵبـــوون كەوت و نـــەزۆك بوو، بۆیە (بەیان)ی زۆر خۆشدەویست و گەلێك نازی پی دەدا، بەڵام دوای نەشتەرگەرییەكەی بە چەند مانگێك لە ناو جێگە كەوت، كاتێ پزیشك و نەخۆشـــخانەیان پێكرد، دووچاری شـــێرپەنجە هاتبوو، شێرپەنجەكەشـــی بەناو خوێن و هەموو لەشـــیدا تەشـــەنەی كردبوو، ئومێدی چاكبوونـــەوەی لێنەدەكرا، ئەوەندەی نەبـــرد حاڵی زۆر خراپ و شـــڕ بـــوو، بەرە بەیانێكی زوو هەر لە نەخۆشخانە گیانی لە دەســـتدا، (بەیان) بە مردنی دایكی كۆستی كـــەوت و بێكـــەس مایەوە، تەنیـــا خۆی و باوكی مانەوە، پاش مردنی دایكی، دوو سێ مانگی پێچوو، باوكی كەڵكەڵەی ژن هێنانی كەوتەسەر، هێنانەوەی ژنی دووەم، بۆ(بەیان) شـــتێكی زۆر بە ئێش و ئـــازار بوو، چونكە جارێ ماوەیەكی ئەوەنـــدە زۆر نییە دایكی مردووە، پاشـــانیش هەروەك لـــە دڵی خۆی دەیوت، باشـــە باوكم ژنی بۆچییە، ئەوە نییە من هەموو ئیشێكی ماڵەكە دەكەم، ئەوە نییە هەر خۆم جلی بۆ دەشـــۆم و چێشت لێدەنێم و مـــاڵ پاك دەكەمەوە خزمەتی دەكەم و میوان بەرێدەكەم...؟

ئەوەی هەرگیز چاوەڕێی نەدەكرد ئەوەبوو كـــە باوكی لە خوێندن دەریبهێنێ و بۆ خۆی بەژنی بدات، ئەو ماوەیە باوكی زوو زوو میوانی دەهـــات، زۆربەی میوانەكانیشـــی بەهۆی مەسەلەی ژنهێنانەكەیەوە بوو، ئیتر ئێوارەیەك كۆمەڵێك پیاو و ژن هاتن و دوای بەخێرهاتن و چاك و چۆنی و چایی خواردنەوە، بابەتی ژن و ژنخوازییەكە هاتە گۆڕێ،(بەیان) هەر هێنـــدەی زانی كە باوكـــی بانگی كرد بێتە ژوورەوە، كە هاتـــە ژوورەوە باوكی بە یەكێك لە پیاوەكانـــی وت ئەمە كچەكەمە، كابراش كە تەمەنـــی نزیكەی (٢٧) ســـاڵێك دەبوو وتی: رازیمە، تومەز هەردوولا لەســـەر ئەوە پێكهاتبوون، ئەگەر هەردوولا بەیەك رازی بن، لە رووی تەمـــەن و بەژن و باڵا و جوانییەوە ژن بە ژنی بكەن، كابرا خوشكی خۆی بداتە باوكی(بەیـــان) و ئەویش (بەیان) بداتە ئەو، هەتا رۆیشتن (بەیان) نەیزانی مەسەلە چییە، كـــە ماڵ چۆڵ بوو، ئەوان رۆیشـــتن باوكی بانگـــی كردو وتی چەند قســـەیەكم هەیە و دەمەوێ وەك باوكێك پێتی بڵێم، ئەویش وتی فەرموو بابە: باوكی دەســـتی بە قسان كرد و وتی: كچم بە ناشـــوكری نەبێ، ماوەیەكی زۆرە دایكـــت ئەمری خوای بەجێهێنایەو من و تۆی بە تەنیایی و بێكەســـی بەجێهێشت، بەخۆشت دەزانی چ قسوریم بۆ دایكت نەبوو، ئەو رۆیشـــت خوای لێخۆش بێ و من و تۆ ماوینەتەوە، بە خۆشـــت دەزانی نە ئەتۆ هەتا سەر وەها دەمێنیەوە نە منیش، لەبەر هەندێ بەباشـــم زانی فكرێك لە خۆم و لە خۆشـــت بكەمەوە، ئەوجا بڕیارمدا بەخۆم ژن بهێنمەوە و تۆش بە مێرد بدەم، ئەوە ئەو شـــەوە هەموو شتێكمان بڕاندەوە، تۆم دایە (كاكل) بەخۆشم خوشكێكی ڕێكوپێكی ئەوم لێوەرگرت،(كاكل) كابرایەكـــی دەوڵەمەنـــد و هەبوونە، تۆزێك لەتـــۆ گەورەتـــرە، دەنا چ عەیبـــی نییە و بەخۆشی تازە ژن مردووە، بە خودای گەلەك قەدرت دەگرێ و نازت دەكێشـــێ...(بەیان) هەڵوەســـتەیەكی كرد و سەیری بەو قسانەی باوكی هات، وتی: باوكە كێشە نییە بۆ خۆت ژن دەهێنی، بەڵام مـــن جارێ بۆچی مێرد بكـــەم، حەز دەكەم خوێندنەكەم تەواو بكەم... زۆر قســـەی كرد كەم گوێی لێگیرا، دواجار باوكی وتی: نە خوێندن هەیە و نە هیچ، تازە تۆم داوەتە ئەم پیاوەو لەقسەی خۆشم پەشیمان نیم، هیچی دیكەشم لەگەڵ مەڵێ.

بەمجۆرە پاش هەفتەیەك هەموو شـــتێك بڕایـــەوە و ئاهەنگ و زەماوەندی خۆشـــی دەســـتی پێكرد و (كاكل) خوشكی خۆی لە باوكی(بەیـــان) مارەكرد و ئەویش (بەیان)ی لـــە (كاكل) مارەكرد و رۆژی گواســـتنەوە هـــەردوولا بووكیـــان گۆڕیـــەوە و چوونـــە نێـــو ژیانی هاوســـەرێتی تـــازەوە، (كاكل) ئەگەرچـــی بەتەمەن لە (بەیـــان) گەورەتر بوو، بەڵام(بەیان) یشـــی زۆر خۆشدەویست و نازی دەكێشا، تەنانەت بۆ هیچ شتێك بێدڵی نەدەكرد،(بەیان) كەوتە ناو خۆشییەوە،(بەیان) چەند ساڵێكی هاوســـەرێتی لەگەڵ(كاكل) بەخۆشـــی بەســـەربرد و لەو ماوەیەشدا دوو منداڵی بوو.

پاشـــان(كاكل) تووشـــی نەخۆشـــی بەرزبوونەوەی فشـــاری خوێـــن دەبێ و جار جارە حاڵی پەرێشـــان دەبـــێ و دەخرێتە ژێر چاودێری پزیشـــكی، چەند جارێكیش نۆرە دڵی لێیدەدات تا دواجار نۆرە دڵییەكی بەهێز لێیدەدات و دەیكـــوژێ، بەم بۆنەیەوە(بەیان) بە دوو منداڵەوە بێوەژن دەكەوێ، بەڵام لەبەر ئـــەوەی(كاكل) خانوویەكی گەورە و هەندێ موڵـــك و ماڵی لـــە پـــاش بەجێدەمێنێ، تا ماوەی یەك دوو ســـاڵان (بەیان) خۆی پێ ئیـــدارە دەكات، بەڵام باوكی بەوە رازی نابێ بە بێوەژنێتی بمێنێتەوە، بەتایبەتی كە(بەیان) هێندەی دیكە جوانتر و شۆخ و شەنگتر دەبێت و زۆر لە جاران زیاتر بەرچاوتر دەبێت، باوكی پێیدەڵێ، كچم تۆ ئێســـتا خاوەن دوو منداڵی بچووكـــی و ژنێكی بەرچـــاوی، خەڵك لێت دەڕوانن و جوان نییە بە بێوەژنی دابنیشـــی، بۆیە حەز دەكەم بچیە ماڵ و مێردی خۆت.

### دووبارە مێركردنەوە

(بەیان) بەو قســـانەی باوكی، لە خەمی خۆی وەردرابوو، (ئاخر راستە بچووكە، بەڵام بەخۆو دوو منداڵـــەوە مێرد كردنی چی، بە هەرحاڵ باوكە، چی لێبكەم ناتوانم لە قسەی دەربچم، بەڵكـــو ئێ ئەوە خوایە ئەو مێردەش كابرایەكی باش دەرچوو،(بەیان) بەم قســـانە دڵی خۆی دەدایەوە هەوڵی دەدا خۆی رازی بكات و كاریگەری قسەكانی باوكی بەمجۆرە هەڵدەگەڕانـــدەوە، ئینجا ماوەیەك داخوازی و داخوازیكەر دەهاتن و دەچوون و ئاخیرییەكەی قســـمەتی كابرایەك بوو بەناوی(عومەر) ئەم كابرایە كە بیســـتبووی(بەیان) ژنێكی وەها

جوان و خانەدان و ڕێکوپێکە و جاحێڵە، تەنیا دوو منداڵی سێ چوار ساڵی هەیە و باری داراییشی باشە، زۆر حەزی دەکرد سۆراغی بکات، کە توانیشی چاوی بە(بەیان) بکەوێت، هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی بیخوازێت، تاکە شتێك کە لە دڵی بوو، دوو منداڵەکەی بوو، بوونی منداڵ و پەیوەستبوونی ئەو ژنە بە مێردی ڕابردووی (عومەر) نیگەران دەکات، هەر چەندە دۆست و برادەران، ناسیا و خزمان، کە ئەو باسەی لەلا دەکردنەوە، دڵیان دەدایەوە کە ژنە لەسەر شەرعی خوا و پێغەمبەر مێردی کردووە و منداڵەکانیشی جەرگی خۆین و پارچەی دڵی ئەون و لە مێردێکی شەرعی بوونە، شتێکی زۆر ئاساییە هەردووکیان لای خۆی بن و بە دڵ و بە گیان بەخێویان بکات و بۆ ئەویش خێرێکی گەورەو و ئینسانییەتە دەستیان بەسەردا بێنێ، مادام بە دایکیان ڕازییە، بەوەش ڕازی بێ ئەوانیش لە ژێر سایەی خۆی و دایکیان دابن.

(عومەر) زۆری لەگەڵ وترا و زۆری بۆ ڕوونکرایەوە، تا قەناعەتی بەخۆی هێنا، ئەگەرچی ژنە دوو منداڵیشی هەیە، بەڵام ئاساییە و بارگرانییەکی وەها نییە.

ئینجا چووە داخوازی و بەهاوکاری هەموو لایەك مەسەلەکە سەری گرت و (بەیان)ی مارەکرد، پاش دوو هەفتان گواستیەوە، هەفتەی یەکەم و دووەم هەستی بە شتێکی وا نەکرد دژ بە منداڵەکان، یان ڕاستتر وایە بڵێین توانیبوی تا ڕادەیەك بەسەر هەستەکانی خۆیدا بەرامبەر بە دوو منداڵەکەی (بەیان) زاڵ بێت، (عومەر) بە دڵ (بەیان)ی چووبوو دڵ، بەڵام ئاخ غەریزەی پیاوەتی لەخۆشەویستییەکەی کاریگەرتر و تیژتر بوو، کە شەوان بەیەکەوە دەنووستن هەمیشە مێردی یەکەمی (بەیان) لە مێشك و خەیاڵ و هۆشی دابوو، کاتێك لە کاری سەرجێی تەواو دەبوو، دەستی بە بۆڵە بۆڵ و قسەی ڕەق دەکرد و مێردی یەکەمی بەچاودا دەدایەوە و(بەیان)ی تەریق دەکردەوە؟

(بەیان) یش کە زۆر هەستی بریندار بوو، بە (عومەر)ی وت: باشە(عومەر) نەتدەزانی بێوەژنم، نەتدەزانی منداڵم هەیە، بۆ هاتییە داوام، بۆچی پێم ڕازی بووی، چەند کەست بە گژ باوکم ونا، چەند جار خەڵکت نارد و چەند جار داوات کردم، هەتا باوکم و ئەوجا بە هەزار حاڵ خۆم ڕازی بووم، ئێستا بێوەژنێتی و مێردی یەکەمم بۆ بەچاو دا دەدەیەوە...(عومەر) ماوەیەك توانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەڵام دووبارە دەستی پێکردەوە، وایلێهات نیوەڕۆیان یان ئێواران کە دەهاتەوە دەیوت ئەو منداڵانە لە پێش چاوم لادە با بچنە ژوورەکەی تر بۆخۆیان، ئینجا جار جارە بە توندی خۆی لێیان تووڕە دەکرد و هەندێجاریش لە هیچ و خۆڕایی هەنجەتی پێدەگرتن و لەو منداڵانەی دەدا. کاتێك ئەو خۆی لە منداڵەکانی تووڕە دەکرد یان لێیانی دەدا، کزە لە جەرگی (بەیان)ەوە هەڵدەستا و زۆر بە کوڵ دەگریا، بەرنامەی بڕوبیانو و هەنجەت گرتن بە منداڵەکانی (بەیان) لەلایەن(عومەر)ەوە، درێژەی کێشا و منداڵەکان بەڕوح لە (عومەر) دەترسان، (بەیان) لەوزەی نەما و نەیتوانی چیتر بەرگە بگرێ، چووە لای باوکی و سکاڵای لە دەست ڕەفتارە خراپەکانی (عومەر) کرد، باوکیشی بانگی (عومەر)ی کرد و تێر و پڕ قسەی پێوت و هەڕەشەشی لێکرد ئەگەر دەست لەو ڕەفتارانەی هەڵنەگرێ، ئەوە کچەکەی لێدەستێنێتەوە و بەخۆشی دەزانێ چی لێدەکات، بە کورتی (عومەر)ی چاك ترساند،(عومەر) ئیدی تەمبێ بوو، نەیتوانی چیتر شەڕ بە منداڵەکانی (بەیان) و خودی (بەیان) بفرۆشێ، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەشدا سیاسەتێکی تری گرتەبەر، ئەویش بەهەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا(بەیان) زوو سکی ببێ و منداڵێکی لەو بێت، ئەوەبوو دوای چەند مانگێك(بەیان) سکی پڕ بوو، کە منداڵەکەشی بوو، دوو منداڵەکەی تری (بەیان) بە تەواوەتی فەرامۆش کرد و هیچ حیسابی بۆ نەدەکردن، کاتێك (بەیان) دەیوت: ئاخر(عومەر) ئەوانەش منداڵن، گوناهن، وا فەرامۆشت کردونە، ئەوانەش پێویستیان بە نازی باوکایەتی هەیە، خوا قبوڵ ناکات، هیچ حسابێکیان بۆ ناکەی(عومەر)یش دەیوت: ئێ ئەوانە منداڵی خۆتن، تێریان ناز بدەیە، خۆ هی من نین، چ کارم بە منداڵی خەڵکی هەیە، ئەوە من منداڵی خۆم هەیە و تۆش منداڵی خۆت هەیە، منداڵەکانی (بەیان) لەبەر ئەوەی ( عومەر) ڕازی نەدەبوو دینارێکیان لێ خەرج بکات، ڕووت و ڕەجاڵیان بە ئاشکرا پێوە دیار بوو، باوکی ( بەیان) کە بەمەی زانی هەردوو منداڵەکەی (بەیان)ی هێنایە لای خۆی، ماوەیەك منداڵەکانی لای باوکی (بەیان) مانەوە، بەڵام (بەیان) چیتر بەرگەی دووری منداڵەکانی نەگرت ویستی بیانهێنێتەوە، (عومەر) ڕازی نەبوو، بە (بەیان) ی وت: یان ئەو دوو منداڵە ناهێنیەوە، یان خۆشت دەچیە لای باوکت و منداڵەکەی خۆمت لێوەردەگرمەوە.

بەهەرحاڵ (بەیان) زیز بوو، چووە لای باوکی، (عومەر)یش منداڵەکەی خۆی لێگێڕایەوە.. دواترنێوانیان بە تەواوەتی ناخۆش بوو، (بەیان) ناچار بوو منداڵەکەی خۆی بە بڕیاری دادگا وەربگرێتەوە، (عومەر)یش لە ڕقی ئەوەی (بەیان) لەسەر منداڵەکەی شکاتی لێکرد و منداڵەکەی بە بڕیاری دادگا لێ وەرگرتووە، بێ سێ و دوو (بەیان)ی تەڵاقدا.



# ...د جارێک مێردی کردەوە

# پاش دوو ساڵان خۆی ڕادەستی دادگا کرد

شەوێکی شووم و نەگریس

مام(باپیر) کە تەمەنی لەسەرووی شەست و پێنج ساڵییەوە بوو، ئەو ئێوارەیە کە ڕۆژووەکەی شکاند لە چاو ڕۆژانی تر کەمتری خوارد، وەنەبێ لەبەر ئەو پارێزەش کە پزیشك بۆ دانابوو، بەڵکو هەر لە خۆڕا سەرودڵی تۆزێك گیرابوو، وەك(ئەحمەد)ی کوڕە گەورەکەی وتی: دەتوت بابم شتێکی لێ عەیان بوو، ئەو ئێوارەیە کز و مات بوو، کە تەماشای دەمووچاویت دەکرد زۆر مەلوول دیار بوو، خەمبار و بێ زەوق و سەلیقە و بێ ئیشتیابوو، (ئەحمەد) درێژەی دەداتێ و دەڵێ: بابم پاسەوانی شەوانی بیرە ئاوێکی گەڕەکێکی ناو شار بوو، دەوامی ئێشکگیرییەکەی هەفتەی سێ شەو بوو، چەندی هەوڵم لەگەڵیدا کە مادام تاقەتی نییە بچێت، با نەچێت و وتم: بابە ئەگەر ئەمڕۆ پێت ناکرێت بچیت، مەڕۆ، پێتەوە دیارە کە تەواو نیت، تەلەفۆنێك بۆ حاجی(حوسێن)ی دەکەم، بەڵکو ئەوشەوە ئەو بڕوات، وتی: نا کوڕم نا، هیچم نییە، بەس تۆزێك بێ تاقەت و بێ حەوسەڵەم، نازانم ئەمڕۆ بۆچی دڵم هێندە توندە...! هەندێکی تر هەوڵم لەگەڵیدا بەڵام نەهاتە ڕایێ و وتی: هەر دەچم، خۆ لەوێ قورکێشی ناکەم، چۆن لێرە پێم پاڵداوەتەوە، لەوێش هەروا، پاش فتارێ، چایەکی خواردەوەو پێڵاوەکانی لەپێ کردوو خواحافیزی کرد کە گەیشتە دەرگاکە ئاوڕێکی دایەوە و وتی: کوڕم(ئەحمەد) چاوت لە دایکت بێ، پاش ئەو قسەیە ڕۆیشت، بەڵام چۆن ڕۆیشت، هەروا بوو، جارێکی دیکە بە زیندوێتی نەمانبینیەوە، سەیر لەوەدابوو، نە کاتژمێرەکەی و نە ناسنامە و نە مۆبایلەکەشی نەبرد، هەتا من بەوەم زانی، ئەو ڕۆیشتبوو، دەرچوو بوو، دایکیشم وتی: (ئەحمەد) کوڕم ئەگەر پێت دەکرێ هەستە بۆی ببە، نەوەك شەوێ شتێکی پێویست بێ، منیش وتم: دایە قابیلە چی پێویست دەبێ، ئەمشەو بۆ خۆی لێی پاڵ دەکەوێ و بەیانیش قیت قیت دێتەوە، شەو وەك هەموو شەوان، درەنگانێك چوومە سەر جێگاکەم و خەوتم، باوکم بەیانی تا درەنگانێك، کە چووە چێشتەنگاویش هەر نەهاتبۆوە، من چووبوومە سەرکار، دایکم زۆر تەنگاوببوو، کە گەیشتە نێزیکی دوانزەی نیوەڕۆ، دایکم تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی وتم هەتا ئێستاش نەهاتۆتەوە، منیش وتم: ئەرێ دایە خۆ منداڵ نییە، بزربێ، تۆ وا خۆت تەنگاوکردووە، دە لێیگەڕێ، کەی دێتەوە بابێتەوە، کاتژمێر بووە یەك و نیو، بۆ نانخواردن گەڕامەوە ماڵەوە، بەڵام نانخواردنی چی بۆ دایکم و خوشکەکانم و خێزانەکەم هێشتیان نانێك بخۆم؟ هەر چۆنێك بووبێ پێیم وتن، دەباشە، لێیدەگەڕێم و دەرپرسم و سۆراغێکی دەکەم، بەڵام لێمگەڕێن، با پارووە نانێك بخۆم، پاش نانخواردن چوومە سەر شوێنی ئێشکگرییەکەی، پاسەوانێکی دیکەی لێبوو، بەڵام چ زانیاری لەسەر نەبوو، چوومە ئەو مزگەوتەی کە هەموو ڕۆژێ دەچوو نوێژی بە کۆمەڵی تێدا دەکرد، لەوێش نەبوو، چەند گەڕام، هەر سۆراغی نەبوو، ناچار پاشنیوەڕۆ بەدەستی بەتاڵ گەڕامەوە ماڵ، کە دایکم زانی هیچ هەواڵێکی نییە، هێندەی دیکە تەنگەتاو بوو، بووە ئێوارە هەر دەنگوباسی نەبوو، بەهەر جۆرێك بێت دایکم غافڵاند و شەو بەبێ باوکم ڕۆژمان کردەوە، بۆ بەیانی بەڕاستی هەمووماندان تەنگاو ببووین و نیگەرانی بە هەمووماننەوە دیاربوو، ئیتر ئەو ڕۆژە کەسوکارمان هەموو تێگەیاند وتمان نەبادا چووبێتە ماڵە خزمێك، بەڵام لای هیچ خزمێك نەبوو، چوومە چەند بنکەیەکی پۆلیس، لای ئەوانیش زانیاری نەبوو، قەت بیرمان بۆ ئەوە نەدەچووە، بچینە نەخۆشخانە، بووە دوو ڕۆژ خزمێك پێی وتین ئەرێ بۆ ناچنە نەخۆشخانەی فریاکەوتن بزانن لەوێ نییە، کە وایوت ئەو پێشنیازە وەکو بروسکە لە مێشکی دامو وتم: بزانە چەند ڕۆژە قەت فکری وامانکردۆتەوە، چوومە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، بەڵام هیچ زانیارییەکی وام بەدەست نەکەوت، ئەو دوو ڕۆژە دەستمان لێشووشتەوە گوتمان: تازە مسۆگەر شتێکی لێهاتووە، دەنا هەتا ئێستا هەواڵێکی هەر دەبوو، ئەو دوو ڕۆژە خزم و کەسوکار دەهاتن و دەیانپرسی ئامۆزایەکەم کە یاریدەدەری پزیشکی بوو، وتی: ئەحمەد کە چووبیتە نەخۆشخانە لە کێت پرسی؟ گوتم: وەڵڵا لەو پزیشك و پەرستیارەکانی ئەوێم پرسی وتی: کاکی خۆم ئەوان چووزانن باوکی تۆ هاتۆتە ئێرە یان نە، خۆیان سەریان قاڵە و ڕۆژانە دەیان کەس چارەسەردەکەن، پاشان کێ دەڵێ ئەوان هەمان کارمەندی ئەو ڕۆژە بووینە ئەگەر باوکت چووبێتە ئەوێ، بڕۆ سەردانی بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانە و دادپزیشکی و مەیتخانە بکە، بەڕاستی بۆچوونەکەی جوان بوو، وتی بەیانی وەرە منیش لەگەڵت دێم، ڕۆژی چوارەم من و ئەو ئامۆزایەم بەیەکەوە چووینە بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانە، پرسیارمان کرد و ئەوانیش تۆماریان دەرهێنا و بە وردی سەر وسۆراغی حاڵەتێکی وەهایان کرد، ئەوەی لێی دەگەڕا لێکۆڵەرێکی دادی بوو پاش وردبوونەوەیەکی باش وتی: چوار شەو پێش ئێستا پیاوێك کە پیربووە بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل مردووە، بەڵام ناو و ناونیشانی نازانین و هیچ زانیارییەکیشی لەسەر نەبووە، ئێستا تەرمەکەی لە مەیتخانەیە، کە وایگوت چووینە شوێنی مەبەست و بەرپرسی بەشەکە



کۆمەڵایەتی
گولان
ژمارە (٧٨٢)
٢٠١٠/٥/٢٤
٥٤

ئێمەی بردە ناو هۆڵی مەیتەکان، ئای خودایە کە بە سام و ترسناك بوو، دەتگوت دەتبەنە دۆزەخ، بەڕاستی هەر کە چوومە ناو هۆڵەکە لە ترسان هەموو لەشم وەك مینای ئاوێ دەلەرزی، دەرگای بەفرگرەیەکی بۆ کردمەوە، مەیتێکی لێبوو، پیاو بوو، کەڵەگەت و بەژن و لاق درێژ، سمێڵ گەورەی رەنگ ماش و برنجی، رەنگی پێستی سپی زەرد هەڵگەڕای سیس ببوو، تۆقی سەری کون ببوو، ناو مێشکی دیاربوو، ملیشی برینێکی گەورەی هەڵزڕای هەبوو گەیشتبووە ئێسکی ملی، لاچاوێکیشی هەڵزڕابوو ماسوولکەی چاوی هەمووی دیاربوو، بە خوا ترسناك بوو، خەریکبوو بڕشێمەوە، چێتر نەوێرام تەماشای بکەم، بە بەرپرسی مەیتخانەکەم گوت: کاکە لایدە، هەو نییە دڵم تێکەڵهات، ماڵت ئاوابێ، ئەوە چییە نیشانم دەدەی، کابرا بزەیەکی تاڵی هاتێ و دەرگای بەفرەگرەی داخستەوە، یەکێکی تری پێ نیشاندام ئەویش، بە پێچەوانەی ئەوەی یەکەم، لاواز، چوورچ، قۆڵێکی لە شانیدا بڕابۆوە، نیوەی شەویلاکی نەمابوو، کاریژی ددانە گەورەکانی دیاربوو دەتوت پەیکەری ئێسکت لە پێشدا درێژکراوە، پیاوێکی تەمەن لەسەرووی پەنجا ساڵییەوە بوو، تەپڵی سەری کەچەڵ بوو، بەخۆشی هەتا بڵێی ناشیرین و بێزەوەر بوو، ماشەڵڵا ترسناك بوو، دەتوت دێوەزمەیە، کە ئەوەشم دیت رووی خۆم وەرگێڕا و وتم: ئەوەش هەو نییە یەك دوویەکی دیکەشی پێنیشاندایین، هەونەبوون وتی: کاکە هەر مەیتێکی دیکە ماوە کە چەند شەوێك پێش ئێستا بە رووداوی ئۆتۆمبێل مردووە و بێکەسوکارە، ئەگەر ئەوە نەبێت، مانای وایە لێرە نییە و بڕۆن لە شوێنێکی تر بگەڕێن، وتم: دەدەی زوو نیشانم بدە چاوەکەم، لێرە وەختە دڵم بتەقێ، پشیم سواربوو، دەرگای بەفرگرەکەی دیکەی کردەوە کە چاویم پێکەوت، زانیم باوکمە، بە ئاسانی ناسیمەوە، چونکە بە مردنەکەی نەشێوابوو برینێکی بچووکی کە هێندە پەنجەیەکی دەستی کون ببوو، لەسەری بوو و هیچی تر، لێی چوومە پێشەوە تەماشای دەموچاویم کرد، باش دیقەتم دایێ، فرمێسك بە چاومدا هاتەوە خوارەوە، وتم: ئەوە هەوە خۆیەتی، کە دڵنیابووم ئەوجا کۆستم کەوت، قەدەمم شکا و نەمتوانی لە جێی خۆم ببزوم، دانیشتم و لە ناو هۆڵەکە و لەو شوێنە سارد و سڕە، بەزەوییەکەوە نووسام و دەستم بە گریانێ کرد، کابرای بەرپرسی هۆڵەکە و ئامۆزاکەم تاوێك لێگەڕان و پاشان بن پیلیان گرتم و هەڵیانساندم، بە هەر جۆرێك بێت، هاتینە دەرەوە، ئامۆزاکەم هەواڵی دایە کەسوکار و خزمان، نیو کاتژمێری پێنەچوو بردیانە مزگەوت، من و ئامۆزاکەم و یەك دوو خزمی تریش چووینە بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانە بۆ ئەوەی بزانین ئەوە بەچی مردووە و کێ کوشتوویەتی، چی روویداوە؟ کە چووینە لای لێکۆڵەرە و ئەفسەرەکەی بنکە وتی: ئەوە چەند شەوێك پێش ئێستا پۆلیسی فریاکەوتن هێنایان، لە رۆخی شەقامێك کە تاریك بووە، کەوتبوو، پێدەچوو ئۆتۆمبێلێك لێیدابێت، کە پشکنینی بۆ کرا، دەرکەوت ئۆتۆمبێل لێیداوە، بەڵام بێئەوەی ئەو شوفێرەی کە ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕیوە بناسرێت یان خۆی رادەستی پۆلیس کردبێت، یان ئۆتۆمبێلەکەی ناسرابێت، جا لەبەر ئەوەی باوکت هیچ ناسنامە و شتێکی پێنەبووە، وەك مۆبایل یان هەر شتێکی تر کە بەهۆیەوە بە کەسوکاری بگەین، ئەو زانیاریانەی وەکو تەمەن و رەنگ و روو، باڵا و کێش و چەند شتێکی ترمان لەسەری تۆمارکرد و رەوانەی دادپزیشکمان کرد، ئێستاش ئەگەر سکاڵاتان لەسەر تۆمەتباری نادیار هەیە ئەوەتا دۆسییەی بۆ بکەینەوە، ئەگەرنا ئێمە دۆسییەی هەر دەکەینەوە تا نیوەڕۆ خەریکی ئەو بابەتە بووین، ئەوجا هاتینەوە بۆ دانانی تازییە و بەڕێکردنی مردوو، کە چوومەوە دایکم، تازە پێی زانیبوو، جارێکم خۆ نیشانی داو و هەر وەختبوو بمخوا و دەیوت هەمووی خەتای تۆیە ئەگەر باش بە دوایدا بگەڕابای ئێستا نە ئەوهای بەسەردەهات و نە کابراش دەیتوانی خۆی شوون بزربکات، هەر چۆنێك بێت خۆم لێی دزییەوەو و خەریکی کاروباری ناشتن و تازییە و ئەو شتانە بووین.

## خۆ ئاشکراکردنی تاوانبار

(ئەحمەد) درێژەی دەداتێ و دەڵێ: نێزیکی دوو ساڵ بەسەر رووداوی مردنی باوکم بە ئۆتۆمبێل دا رەتبوو، ئەو رووداوەمان لە بیرکردبوو کە کێ کوشتوویەتی یان نەیکوشتووە، ئەوە ئەرکی پۆلیسە، کە بگاتە ئەنجامێك و لێکۆڵینەوەی خۆی بکات، ئەگەر ئەو تاوانبارە نەبینێتەوە ئێمە لە کوێ دەتوانین بیدۆزینەوە، بەیانییەك کاتژمێر دەوری نۆ بوو پۆلیسێك دەچێتە ماڵمان و پسوولەیەکی پێڕاگەیاندن بە دایکم دەدات، کە نیوەڕۆ هاتمەوە پسوولەکەیان پێدام، نەمزانی مەسەلەکە چییە، رۆژی دواتر چوومە بنکەی پۆلیسی و ئەفسەری بنکە پێگوتم": کە کابرایەك خۆی تەسلیم کردووە و دەڵێ: پێش دوو ساڵ بە ئۆتۆمبێل لە پیرە پیاوێکی داوە و کوشتوویەتی. ناونیشانی شوێنەکەی پێداوین و لێکۆڵینەوەمان کردووە و دەرکەوتووە کە باوکی تۆیە کە پێشتر سکاڵات لەسەر کەسێکی نادیار تۆمارکردووە، پێشی دووپات بکەوە بزانە ئەوەی کە دەیلێ لەسەر بابت بە تەواوەتی جێبەجێ دەبێ، یان نە، پاش پرسیار و وەڵامێکی زۆر دەرکەوت رێك راستە لەگەڵ باوکمیەتی، ئینجا پێمگوت: ئێستا کە خۆت رادەستی پۆلیس کردووە شتێکی چاکت کردووە، بەڵام من تەنیا یەك پرسیارم هەیە، چۆن بوو دوای دوو ساڵ بەسەر رەتبوونی تاوانەکە ئەوجا بۆ پۆلیس ئاشکرا دەکەی و خۆت تەسلیم دەکەی؟ کابرا گەنجێکی سی ساڵە بوو، تەماشایەکی ئەفسەری بنکەی کرد و ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: لە راستیدا ئەو دوو ساڵە بڕوا ناکەم هیچ شەوێك بە ئاسوودەیی خەوتبم، ئازاری ویژدانم لێنەدەگەڕا بۆ تاوێك پشوو بدەم، هەموو شەوێ خەونی ناخۆش ناخۆشم دەدەیت، زۆرجار لەگەڵ دەنگی گریانم لە خەو بە ئاگا هاتووم، کەسیش بە نهێنییەکەی نەدەزانی، ئاخیرییەکەی بە باوکم وت ئەویش زۆری پێ سەیر بوو چۆن شتێکی وەهام شاردۆتەوە و نەمهێشتووە کەس پێی بزانێت، وتی: کوڕم ئاخر گیانی خەڵکی خۆ بەرد نییە، بەیانی هەر ئاشکرا دەبێ ئەوسا رەنگە دوژمنداریشمان بۆ پەیدا بێت و خانەوادە و کەسوکاری لێتخۆش نەبن، ئەوجا چۆنییەتی رووداوەکەی بۆ گێڕامەوە کە بەمشێوەیە بوو: ئێوارەیەك کە دنیا تازە تاریك داهاتبوو، لە نزیك بیرێکی ئاوی فڵانە گەڕەك پێچ کردنەوەیەك هەبوو، شوێنەکە تۆزێك سەخت بوو، نەشدەبوو، پیادە لێی بپەڕنەوە، باوکت بەو شوێنەدا خەریکی پەڕینەوە بوو، هۆڕنم لێدا گوێی پێنەدا، لامدا، کە چاوی بە ئۆتۆمبێلی من کەوت کشایەوە پاش، منیش هاتمەوە شوێنی پێشترم وتم ئەوە تازە چووە دواوە، کەچی لە ناکاو دەرپەڕی و بە هەر جۆرێك بێت هەوڵمدا خۆمی لێدەرباز بکەم، بەڵام ئاخیرییەکەی بەلایەکی ئۆتۆمبێلەکەی هەر لێمدا و کەوتە سەر شوشتەکە، بە پەلە هاتمە خوارێ، کە تەماشام کرد تەواوبووە و مردووە لە ترسان نەمزانی چی بکەم، لەوێ بەجێمهێشت و وتم: خێرەومەندێك هەر دەبێ هەڵیبگرێ و بیباتە نەخۆشخانە، ئەوە هەموو مەسەلەکە بوو، کە لە قسەکردن تەواوبوو پێم وت بەردەوامم لەسەر سکاڵای خۆم لە دژی، رۆژهات رۆژی رۆیی خزم و کەسوکارێکی زۆری هاتنە تکا و رجایێ، بەمجۆرە ناچار بووین لەبەر خاتری تکای خەڵکێکی زۆر لێیخۆش بین، بەڵام کە دادگایی کرا، دادگا ساڵێکی زیندانی حوکمدا.

**پسوولەکەیان پێدام نەمزانی مەسەلەکە چییە، رۆژی دواتر چوومە بنکەی پۆلیس و ئەفسەری بنکە پێی وتم کە کابرایەک خۆی تەسلیم کردووە و دەڵێ: پێش دوو ساڵ بە ئۆتۆمبێل لە پیرە پیاوێکی داوە و کوشتوویەتی.**

**ئیتر ئەو رۆژە کەسوکارمان هەموو تێگەیاند وتمان نەبادا چووبێتە ماڵە خزمێک، بەڵام لای هیچ خزمێک نەبوو، چوومە چەند بنکەیەکی پۆلیس، لای ئەوانیش زانیاری نەبوو، قەت بیرمان بۆ ئەوە نەدەچووە، بچینە نەخۆشخانە**